دەستگیرکردنی ژمارەیەك تیرۆریست لە سنوری قەزای شارەزور

ئەمە پێنجشەممە،بەوەبەرایەتی گشتی دژەتیرۆر دەستگیرکردنی ژمارەیەك تیرۆریستی لە چەند شوێنێکی جیاوازی سنوری قەزای شارەزور راگەیاند.

بەوەبەرایەتی گشتی دژەتیرۆر، لە راگەیەندراوەکدا ئەوەشی وتوە، دەستگیرکراوەکان خەڵکی پارێزگاکانی بەغدا و دیالە بون، کاری لەجستی و دابینکردنی کەرەستەیان بە شانە نوستو و چالاکەکانی تیرۆرستانی داعش کردوە، پاش ئاشکرابونیان لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی عەراقەوە بەرەو هەرەمی کوردستان هەڵاتون و لە سنوری شارەزور نیشتەجێبون.

ئەوەشی خستەڕو، پاش دەستگیرکردنیان دەستبەجێ بادەستی یاسا کران بەمەبەستی سزادانیان.